یەكەمین ماڵپەڕی كوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# پێش ئەوەی خۆت بکوژی

## نامەی خوشکێك
## كە بیر  لە خۆكوشتن دەكاتەوە!

نوسینی : أمين بن بخيت الزهراني
وەرگێڕانی : أنهار كاوە مصطفى

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org   walamakan.com

بسم الله، والحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، أما بعد:

دەقی نامەکە:

من کچێکم لە بیستەکانی تەمەنمدام، زیاد لە جارێك بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، بەڵام پاشگەز دەبوومەوە، ئەو جارە بەخورتی بیرمکردەوە خۆبکوژم لەبەر گرفتە خێزانییەکان کە من هیچ دەستیشم تێیدانیە و هۆکارنیم، بەڵام ئازارم پێدەگەیشت هیچ دەرەتان و ڕێگە چارەیەکیشم نەبــو بۆ لێ دەربازبوونــی تا ئێستاش جگە لە

خۆکوشتن، هەڵبەت چەند فەتوایەکم خوێندنەوە کە خۆکوشتنیان بە حەرام دادەنا و سەحەبەکەشی دەباتە نێو ئاگر، بەس ئەی مامۆستا و زاناکانمان تاوانم چیە تا فەتوابدەن بە چونم بۆ نێو ئاگر، دەی خوا دەزانێت کەمن گوناهێکی گەورەم نەکردوە لە ژیانمدا، هیچ هەڵەیەکم نەکردوە جگە لەوەی بەدوای ئاسودەیدا دەگەڕێم و بۆی عەوداڵم، ئاسودەیشم لە نەبونم دەبینمەوە لەو ژیانەدا بۆ تێمناگەن؟ تەواو..

# پێش ئەوەی خۆت بکوژی

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

وبعد،،

**خوشکی بەڕێزم..**

پێش خۆکوشتنت ئەو چەند وشەیە بخوێننەوە و لەو دەستەواژانە ڕابمێنە بەشکو ئەوەی ئومێدتە بەدی بکەی و دەستت بکەوێت..

لە نامە کتوپڕەکەشتدا، هەستم بە هەنیسکەکانت دەکرد چۆن دەستەواژەکانتی دەخنکاند، هەروەکو هەستیشم بە کلّپەی نرکە و ناڵەت دەکرد لەڕێی ووشەکانتەوە.

بەڵام ئەوەی جێی دڵنیاییە وەکو لە پەیامەکەشتدا بە ئاشکرا دیارە تۆ لە ئاستێکی باشی

دینداری و باوەڕ و ترسان لە خوای، ئێمەش دەزانین باوەڕمان بەوە هەیە کە هۆکاری زۆرێك لە حاڵەتەکانی خۆکوشتن بریتیە لە لاوازی باوەڕ، یانیش نەبوونی و بۆشایی دەرونی، ئەوەی کە لە وڵاتە بێباوەڕەکان بڵاودەبێتەوە.

پێشتر لە یوتیوب ئەڵقەیەکم دیت لە بەرنامەی (القذائف)ـی دکتۆر محمد العوضي تێیدا بە گەنجێك دەگات کە چەندها ئاڵۆگۆڕ و قۆناغی دیون لە قۆناغەکانی گومان بۆ دروست بون لە دینداری، تا دەگاتە دۆخێکی ترسناکیش ئەویش گومان دروست بوونە لە بونی خوا و بونی بەهەشت و دۆزەخ، ئیدی چۆ ناو جیهانی بێ دینی.

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

بێشك هەنسكی ئازار و خەم خنكاندی؛ لەبەرئەوەی نەیتوانی بگات بە هەقیقەتی بوون. وایگومانبرد كە لەناو ئیلحاد و بێدینی دەرگای زۆرێك لە پرسیارە غەیبی و پەنهانیەكان دادەخرێن، ئیدی دەبینین توشی ماڵوێرانی و سەرگەردانیەكی گەورەتر دەبێت تا نزیكبوو توشی شێتبون ببێت، ئیتر بڕیاریدا كە وەڵامی ئەو پرسیارە ناچارییانە بداتەوە ئەویش بە ئەزمونێكی سەركێڵەوە تا پەی بە جیهانی پەنهانی بەرێت، وابوو دەرمانێكی بكوژی قوتدا، بەڵام خوا فریای كەوت، دكتۆرەكان توانیان ژیانی ڕزگار بكەن.

## نامەی خوشکێک کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!

بڕوام پێ بکە خوشکی بەڕێزم ئەگەربێتو پاساو بۆ ئەو کەسە بێنمەوە کە خۆیدەکوژێت - هەڵبەت پاساو و بیانوشی بۆ ناهێنمەوە - ئەوا بیانوم بۆ ئەو مولحیدەی دەهێنایەوە؛ چونکە ئەگەر لە دونیا دەردەسەری و ناڕەحەتی و نەخۆشی و هەژاری و ستەم و ئازاری دیبێت ئەوا بە مردن دەیەوێت ئەو ناڕەحەتیانەی ڕابگرێت؛ لەبەرئەوەی باوەڕی بەوە نیە ئیدی ژیانی دی لەوێ و لەوەودوا هەیە، بڕواشی هەیە کە بەڕاستی مردن پشودانە لە هەموو ئازار و ژان و ژوارێك.

سەبارەت بە تۆش خوشکی ئازیز، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە تۆ بەردەوام لە نازو بەخششێکی گەورەدایت؛ لەبەرئەوەی دەزانی کە ئەم ژیانی دونیایە بریتی نیە لە کۆتایی جیهان.

خوشکی ئیماندارم لەگەڵم ڕابمێنە لەو فەرمودەیە: ((وَيُؤْتَى بِأَشَدِّ الْمُؤْمِنِينَ ضُرًّا وَبَلاَءً، فَيُقَالُ اغْمِسُوهُ غَمْسَةً فِي الْجَنَّةِ، فَيُغْمَسُ فِيهَا غَمْسَةً فَيُقَالُ لَهُ: أَيْ فُلاَنُ هَلْ أَصَابَكَ ضُرٌّ قَطُّ أَوْ بَلاَءٌ؟ فَيَقُولُ: مَا أَصَابَنِي قَطُّ ضُرٌّ وَلاَ بَلاَءٌ))، صححه الألباني.

یانی: کام ئیماندارە لە هەمووان ناڕەحەتتربووە لە دونیا دەهێندرێت و دەگوترێت: نقومی ناو بەهەشتی بکەن، تەنها یەك جار نقوم دەکرێت، جا

پێیدەگوترێت: ها فڵانکەس ئەریَ هیچ نارِەحەتی و بەڵات دیتن؟ ئەویش دەڵێت: هەرگیز هیچ نارِەحەتی و بەڵایەکم نەدیوە و توشم نەبووە.

**با بڵێین:** - وەکو تەجاوز و سنوربەزاندنێك - تۆ لەو دونیایە لە هەمووان زیاتر دەردەسەریت دیوون، بەڵام بیربکەوە یەك نقوم و رِۆکردنێك بە بەهەشتدا هەموو ناخۆشی و سزایەکت لەبیردەباتەوە.

**کەواتە:** خۆشی راستەقینە بریتیە لە خۆشی دوارِۆژ، نارِەحەتی یەکجاریش دەردەسەری دوارِۆژە، باشە دە، بیست، شەست ساڵ، لە نارِەحەتی و ناخۆشی دەکاتە چی بەرامبەر بە مەلایین ساڵ لە خۆشی و کامەرانی.

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

**ئەی خوشکی بەڕێزم**، ژیان قورسە و پڕیشە لە گرفت، لەگەڵ متمانە و باوەڕیشم بەوەی کە تۆ زۆر دەردەسەریت دیوە، بەڵام بڕوام پێ بکە لەوانەیە هەبێت لەتۆ دەردەسەری و نارەحەتی زۆرتر دیبێت و تێیدابێت، وە من دڵنیام هەر یەکێك لە ئێمە چیرۆکێکی ناخۆش و دژواری هەیە لەو دونیایەدا، لەوانەیە هەندێکمان گەیشتبێتە دۆخێك لە بێ ئومێدی تا وامازانیبێت ئیدی کۆتاییمان دێت، بەڵام بە فەزڵی خوا تێشمانپەڕاندوە، ئەمڕۆ هەروەکو کابوسێك کە تێپەڕیوە و لەبیرمان چۆتەوە دەردەکەوێت، یانیش دەیهێنینەوە یادی خۆمان بۆ دڵنەوایی و دڵخۆشی.

ئا ئەوە سروشتی ژیانە، ئەی خوشکی بەڕێزم: {لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي كَبَدٍ} البلد: ٤. واتا: بە دڵنیایی مرۆڤمان دروست کردووە بە ڕێکی و بەڕاستی و دامەزراوی، یاخود (كَبَدٍ) واتا: بە مەشەقەتو نارەحەتی، یانی: مرۆڤ بەدرێژایی تەمەنی لە مەشەقەتو نارەحەتیدایەو مەشەقەتو نارەحەتییەکانی ژیانی دونیا دەچێژێ تا مردن، وە کە مردیش لە ڕۆژی قیامەتیشدا ڕووبەڕووی مەشەقەتو نارەحەتی و سەغڵەتی ڕۆژی قیامەت دەبێتەوە.

شاعیرێکیش گوتویەتی:

إن حلت أوحلت.. وإن كست أوكست.. وإن غلت أوغلت..

خلقت على كدر وأنت تريدها.. صفواً من الأقذاء والأكدار..

یانی دونیا ئەگەر بێتو شیرن بێت، دواتر ڕۆژێك دێت و هەڵدەگەڕێتەوە و تاڵ دەبێت...

ئەگەریش بێتو جلی جوانت لەبەربکات، لەپڕ لێت دادەنێتەوە...

ئەگەریش دەوڵەمەندت بکات، ئەوا دەتخنکێنێت...

دونیا هەموی لەسەر ناخۆشی خوڵقێندراوە، کەچی تۆ دەتەوێت بە پاڵێوراوی بێتە بەرەستت دوور لە پیسی و ناخۆشیەکان.

خوداش دەفەرموێ: {وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ} الأنعام: ٣٢.

واتا: ژیانی دونیا هیچ شتێك نییە تەنها یاری کردن و ڕابواردن و کات بەسەربردن نەبێ، بەڵام ڕۆژی قیامەت باشترین شوێنە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقوای خوای گەورە دەکەن و خۆیان دەپارێزن لە شیرك و تاوان، ئەوە بۆ تێناگەن؟!

دەرون دەگرییێت بۆ دونیا کەچی دەشزانێت کە پارێزراوبوون بە وازهێنانە لەوەی تێیدایەتی.

پێشەوا ئەحمەد زیندانی کرا، ئازاردرا و جەلدکرا، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بوو لە تێکۆشان و نوسینی کتێب و بانگەوازی و فێرکردنی خەڵك، تا ڕۆژێك یەکێك لە قوتابیەکانی دەیبینێت لە کاتێکدا کە ماندووبون و هیلاکیەکی یەکجاری ڕۆژگاری پێوەدیارە، بۆیە لێی دەپرسێت:

کەی کاتی پشودان دێت ئەی پێشەوا؟ ئەویش گوتی: پشودان لەو ساتە دەستپێدەکات کاتێك یەکەم هەنگاو دەنێمە بە هەشتەوە.

**بەڵێ ئەی کچی باوەڕدار..** وانەزانی دونیا هەر بۆ ئێمە دروست کراوە. یاخود ئێمە هەر بۆ ئەو دروست کراوین. یان وابزانی کە بێگومان ئێمە دەبێ بە خۆشیەوە تێیدا بژین.

کوڕەکەی عومەر - ڕەزای خوا لە هەردووکیان بێت - دەگێڕێتەوە: (أخذ رسول الله - صلى الله عليه وسلم - ببعض جسدي فقال: اعبد الله كأنك تراه وكن في الدنيا كأنك غريب أو عابر سبيل) رواه أحمد.

واتا: پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بەشێکی جەستەی ڕاکێشام و فەرمووی: وەها خودا بپەرستە وەك ئەوەی کە بیبینیت و لەبەرچاوت بێت،

لە دونیاش وەکو کەسێکی نامۆ و غەریب بژی یاخود هەر وەکو ڕێبوارێك بە) أحمد ڕیوایەتی کردوە.

وە لە عبد الله ی کوری مەسعود - خوادا لێی ڕازی بێ - دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: (دخلت على النبي صلى الله عليه وسلم وهو في غرفة كأنها بيت حمام وهو نائم على حصير قد أثر بجنبه فبكيت فقال: ما يبكيك يا عبد الله؟ قلت: يا رسول الله، كسرى وقيصر يطوون على الخز والديباج والحرير وأنت نائم على هذا الحصير قد أثر بجنبك فقال فلا تبك يا عبد الله، فإن لهم الدنيا ولنا الآخرة، وما أنا والدنيا، وما مثلي ومثل الدنيا إلا كمثل راكب نزل تحت شجرة ثم سار وتركها)

واتا: چومە لای پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم- لە كاتێكدا لە ژوورێكدا بوو هەر لە هێلانەی كۆتر دەچوو، بینیم كە پاڵ كەوتبوو لەسەر حەسیرێك و شوێن و ئاسەواری حەسیرەكە لەسەر لا تەنیشتی جەستەی دەرچوبۆوە، منیش بە بینینی بەم شێوەیە زۆرگریام، ئەویش لێی پرسیم: چی وات لێ دەكات كە بگریێی؟ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، كیسرا و قەیسەر لە نێوان فەرشی نەرم و نۆڵ و جلی ئاوریشم دەخەون و هەڵدەستن، تۆش لەسەر ئەو حەسیرە ڕەقەیت كە ئاسەواری درووست كردوە بەسەر لاتەنیشتی جەستەتەوە. پێغەمبەریش - صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: مەگری ئەی عبد الله؛ چونكە

دونیا بۆ ئەوانە و دوارۆژ بۆ ئێمەیە، وە منیش لە دونیادا هەر وەك نمونەی ڕێبوارێکم، کە لەژێر سێبەری دارێك لای داوە بۆ پشودان پاشان ڕۆشت و دارەکەی لە دوای خۆی بە جێهێشت.

بەڵێ... ئەوەیە پێوەرەکەی ئێمە ئەی خوشکی باوەڕدارم... ژیانی ڕاستەقینە ژیانی دوارۆژە، ئێستاش ئەم ژیانی دونیایە تەنیا تاقیکردنەوەیە.

خودا دونیا دەدات بە مرۆڤەکان، بە کافرو موسڵمانەوە، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: ((يُعْطِي الدُّنْيَا مَنْ يُحِبُّ وَمَنْ لا يُحِبُّ وَلا يُعْطِي الدِّينَ إِلا لِمَنْ أَحَبَّ)) صححه الألباني.

واتا: خودا دونیا دەدات بەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و بەو کەسانەشی کە خۆشی ناوێن، بەڵام هەرچی باوەڕداری و ئیمانە نایدا تەنیا بەو کەسانە نەبێ کە خۆشی دەوێن.

هەروەکو لە فەرموودەکی تریش هاتوە: ((لَوْ كَانَتَ الدنُّيا تَعدْلِ ُعنِدْ َاللهَّ جنَاَح َبعَوُض َةٍ مَا سَقَى كَافِرًا منهاِ ْشر َ َ ْبَةَ مَاءٍ)) صححه الألباني.

واتا: ئەگەر هاتباو دوونیا نرخی تەنیا باڵە مێشوولەکی هەبوبا لای خودا، ئەوا تەنانەت یەك قومە ئاویشی لێ نەدەدا بە بێ باوەڕێك.

ئەگەریش کەسێك حەقی چێژبینینی هەبوبێت لە دونیا ئەوا پێغەمبەری خودا دەبوو - صلى الله عليه وسلم- کەچی ئەو بە هەژاری ماڵئاوایی کرد، لە خانوێکی گڵدا و لەکاتێکیش کە قەڵغانەکەی بارمتە بوو لای فرۆشیارێکی یەهودی، تاوەکو دونیاشی بە جێهێشت ژەمێکی تێری لە نانی گەنم نەخواردبوو، بۆ چەندان ڕۆژ و مانگیش ئاگری جێشت لێنان لە ماڵیدا هەڵنەدەگیرسا.

لەکاتی کۆچ و وەفاتیشی، خودا پێغەمبەرەکەی - صلى الله عليه وسلم- ئازاد و سەرپشککرد لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە وەك پاشایەك لە دونیا بژی یاخود بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، پێغەمبەریش -

صلى الله علیه وسلم- پەنجەی شەهادەی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و فەرمووی: ((إلى الرفيق الأعلى)) واتا: واتا بۆ لای هاوڕێیانی پایە بڵند لە پێغەمبەران و ڕاستگۆ و شەهید و پیاوە باشەکان.

**ئەی خوشیکی بەڕێزم**... بەدەست چ کێشەك و بەڵایەك دەناڵێنی؟

ئایا تانە لە شەرەف و ناموست دراوە؟ ئێ دەبزانە عائیشە کە بەڕێزترین ئافرەت بوە لەلای پێغەمبەری خوا - صلى الله علیه وسلم- ئینجاش تۆمەتی نا پاکیان بۆ هەڵبەست... بەڵام عائیشە - ڕەزای خوای لێ بێت - ئارامی گرت تا ئەو کاتەی

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

خودا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە بە چەندین ئایەتی بەرز پاکی و گەورەیی ئەوی دەرخست.

ئایە هاوسەرو خۆشەویستەکەت لە دەست داوە؟ ئاخر خۆ لە خۆشەویستەکەی عائیشە باشتر نیە، خۆشەویستەکەی ئەو کە خۆشەویستی هەموومانە لە باوەش و لەبەرچاوی عائیشە گیانی سپارد سەڵات و سەلامی خوای لەسەربێت.

وە ئەگەریش باوکێکی بە بەزەیی و نەرم و نیانت لە دەست داوە، ئەوا عائیشەش باوکی خۆی لە دەست دا - ڕەزای خوایان لێ بێت -، کە باشترین پیاو بوو دوای پێغەمبەر و نێردراوان صەڵات و سەلامی خوایان لەسەربێت.

## نامەی خوشکێک کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!

**ئەی خوشکەکەم،** ئێمە هەموومان حەزدەکەین بە خۆشی لەم ژیانەدا بژین بەبێ ماندووبون، بەڵام ئیتر ئەمەیە قەدەری خوا بەسەر مرۆڤەکان، لە لایەکی تریشەوە کێشە و ناخۆشیەکان وەك خوێ وایە لەنێو ژیاندا، ئەگەر وانەبێ ژیان بێ تام و بێزارکەر دەبوو؛ چونکە ئێمە ناتوانین نرخی تەندروست خۆشی بزانین تەنیا دوای نەخۆشی نەبێ، وە ناشتوانین دڵ خۆش بین بە دەوڵەمەندی تەنیا دوای هەژاری نەبێ، هەرگیزیش ناتوانین چێژ لە خواردن وەرگرین تەنیا دوای برسێتی نەبێ و تەنیا دوای سەرماوسۆڵەش هەست بە نرخی گەرمی

دەکەین، لە مانای ئارامی و ئاسایشیش ناگەین تاوەکوو هەستی ترس و دڵەڕاوکێ تاقی نەکەینەوە.

چاکیش بزانە ئێمەی موسڵمان خودا نیعمەتێکی زۆر گەورەی پێبەخشیوین، ئەویش هەلی بەدەست هێنانی پاداشت و بەرزکردنەوەی پلە و پایەیە لە کاتی بەڵا و ناخۆشیەکاندا، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: ((عَجَباً لأمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ لَهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَلِكَ لأَحَدٍ إِلاَّ لِلْمُؤْمِنِ:إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شكَرَ فَكَانَ خيراً لَهْ، وإِنْ أَصابَتَهَ ضَرُّ اَءُ صَبرَ فَكَانَ خيراً لَهُ)) رواه مسلم.

واتا: حاڵی باوەڕدار سەیرە، لە هەموو بارێکدا هەر خێر و خۆشی هەیە بۆ ئەو، ئەوەش تەنیا بۆ مرۆڤی باوەڕدار هەیە؛ چونکە ئەگەر شتێکی خۆشی بەسەربێ ئەوا سوپاسی خودا دەکات و بەمەش چاکەی بۆ دەنوسرێ، وە ئەگەر شتێکی ناخۆشیشی بەسەردابێ ئەوا سەبر دەگرێ بەمەش دیسان هەر چاکەی بۆ دەنوسرێ.

لە بیریشت بێ تاقیکردنەوە سوننەتێکی خوداییە بۆ ئەوەی ئاشکرا بێ کە کێ باوەڕداری ڕاستەقینەیە و کێش بێ باوەڕە، خودا دەفەرموێ: {أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ} العنكبوت: ٢.

واتا: ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن و وا حساب دەکەن کە وازیان لێ بهێنین تەنها بەوەی کە بڵێن ئیمانمان هێناوەو تاقی نەکرێنەوە، ئەوە گومان بردنێکی هەڵەیە و ئیللا تاقیتان دەکەینەوە (تاقیکردنەوە بە گوێرەی دینەکەیە ئەوەی زیاتر دیندار و خواپەرست بێت تاقیکردنەوەی قورستر دەبێت) .

لە سەعدەوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی : (قلت: يا رسول الله أي الناس أشد بلاء؟ قال: الأنبياء ثم الأمثل فالأمثل، فيبتلى الرجل على حسب دينه فإن كان دينه صلبا اشتد بلاؤه، وإن كان في دينه رقة ابتلي على حسب دينه، فما يبرح البلاء بالعبد حتى يتركه يمشي على الأرض وما عليه خطيئة) رواه ابن حبان.

واتا: پرسیارمکرد لە پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - و گوتم : کێ لە هەمو کەسێك زیاتر تووشی بەڵا و موسیبەت دەبێ؟ ئەویش فەرمووی: پێغەمبەران پاشان ئەو کەسانەی کە زیاتر لەوان دەچن، وە تاقیکردنەوەی مرۆڤ بە قەدەر

باوەڕدارییەکەی دەبێ، جا ئەگەر باوەڕەکەی پتەو بێ ئەوا تاقیکردنەوەکەشی قورستر دەبێ، وە ئەگەریش باوەڕەکەی تەنك و سوك بوو ئەوا تاقیکردنەوەکەی هەر بەقەدەر ئەوە دەبێ، وە بەڵاو موسیبەتەکانیش واز لە بەندە ناهێنن تاوەکو وای لێ دێ کە بە پاکی و بەبێ هیچ گوناهێك لەسەر ڕووی زەوی ڕێدەکات.

**کەواتە:**

**بە خۆشیت بێت ئەی خوشکی موسڵمانم لێکچونت لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاکان، دوریش نیە کە ئەو بەڵایەی بەسەرت هاتوە نیشانەی خۆشەویستی خودا بێت بۆت؛ چونکە وەك لە فەرمودەکە هاتوە : ((إن الله إذا أحب عبداً ابتلاه))**

واتا: ئەگەر خوا بەندەیەکی خۆش بوێ، ئەوا بە بەڵاو موسیبەتەکان تاقیدەکاتەوە.

باشە بۆ؟ چونکە ناخۆشیەکان مرۆڤ لە گوناهـ پاك دەکاتەوە و پلەی بەرزدەکاتەوە.

بڕوانە ئەم فەرمودە: ((يَوَدُّ أَهلُ العَافِيَةِ يَومَ القِيامَةَ حِينَ يَعطَى أهلُ البَلاَءِ الثَّوابَ لَو أَنَّ جُلُودَهُم كَانَت قرِضَت فِي الدُّنْيَا بِالمَقَارِيضِ)).

لە ڕۆژی دواییدا ئەو کەسانەی کە لە نیعمەت و خوشیدا ژیاون خۆزگە بەوە دەخوازن کە گۆشتیان بە مەقەس لە ئێسقانیان بکرابایەوە، لە تاو ئەو پاداشتەی کە دەبینن دەدرێ بەو کەسانەی کە لە دونیادا بە بەڵا و ناخۆشی تاقی کراونەوە.

ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ئێمە داوا بکەین کە خودا بەڵاو موسیبەتمان بۆ بنێرێ، بەڵام ئەمە وامان لێدەکات کە خۆمان ئامادەکەین بۆ ناخۆشیەکان، کاتێکیش بەڵایەکمان بەسەر هات خۆڕاگر بین لەبەردەمیدا.

لە فەرموودەیەکیشدا هاتوە: ((لا تتمَنَّوا لقاءَ العدُوِّ، واسألوا اللهَ العافيةَ، فإذا لَقيتُم العدُوَّ فاصبِروا)) رواه مسلم.

واتا: ئاواتەخوازی ڕووبەڕوبونەوەی دوژمن مەبن و داوای سەلامەتی بکەن لە خودا، بەڵام کە پێشیان گەیشتن و ڕووبەڕویان بونەوە ئەوا خۆڕاگربن.

**ئەی خوشکی بەڕێزم** خودا ئێمەی لە ژیانی دونیا داناوە، دە تۆش دەستی تێوەرمەدە و دواڕۆژت لە پێناوی لەدەست مەدە، گوێش مەدە بە هیچ دڵەڕاوکێ و ئێش و ئازارێکیش دەربارەی ئەم دونیایە، خوداش بۆخۆی گلەیی لێکردویین وەختێك دەفەرمووێت بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٧﴾} الأعلى.

واتا: بەڵکو ئێوە ژیانی دونیا پێش دەخەن و گرنگی و بایەخ بە ژیانی دونیا دەدەن لەگەڵ ئەوەی کە دونیا بێ نرخ و فانییە و لەناو دەچێ و کۆتایی پێ دێت ئێوە گرنگی بە ژیانی دونیا دەدەن. لەکاتێکدا کە ڕۆژی قیامەت باشترەو دەمێنێتەوە و هەمیشەییە

چۆن دەبێ ئێوە گرنگی و بایەخ بە دونیایەکی فانی بدەن وە قیامەتێك کە باشترەو ئەجر و پاداشتی یەکجار زۆری تیادایە پشت گوێی بخەن و لەبیری بکەن، واتا: نابێ وابێ .

**خوشکی ئازیزم**، لەوانەیە تاقیکردنەوەی ناخۆش ترسی لەسەر ژیان و دەرون و باوەڕەکەت هەبێ.

بەڵام بڕواپێبکە کە تاقیکردنەوە بە خۆشیەکان و دەوڵەمەندی و تەندروستی باش زۆر ترسناکترە لەسەر ژیانی باوەڕدار.

بەڵکو خودا لەوانەیە بێباوەڕێك تاقیبکاتەوە بە نیعمەت و خۆشییەکان تا وای لێدێت تووشی زیادەڕۆیی دەبێت، وەکو خودا دەفەرموێ: {فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّىٰ إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ} الأنعام: ٤٤.

واتا: کاتێك کە ئەوەی کە یادیان خرایەوە لەبیریان کرد وە پەند و ئامۆژگاریان وەرنەگرت لەو نەخۆشی و فەقیری و هەژاری و دەرد و بەڵاو موسیبەتانە، ئەو کاتە دەرگای هەموو شتێکمان لێکردنەوە لە خێرو چاکە کە بۆ (ئیستیدراجە)؛ چونکە شایەنی هیدایەت نین، وە هەر کەسێك تاوان

بکات و خوا پێی ببەخشێت ئەوە (ئیستیدراجە) با ئاگادار بێت و زوو تەوبە بکات، تا لەخۆبایی بوون و دڵخۆش بوون بەو ناز و نیعمەتەی کە خوای گەورە پێی بەخشیبوون وە تەکەبوریان کرد، لەناکاودا بردماننەوە، ئەو کاتە ئەوان خەفەتبار و پەشیمان و بێئومێد دەبن، بەڵام هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ، خوای گەورە ئوممەتان سزا دەدات لە کاتی خۆشی و نازو نیعمەتدا.

بۆ؟ چونکە نیعمەت و دەوڵەمەندی لەوانەیە مرۆڤ ڕابکێشێ بۆ لوت بەرزی و ڕەتکردنەوەی حەق.

کەچی نەخۆشی و هەژاری لەوانەیە ببێتە هۆی نزیك بوونەوەی بەندە لە خودا، ئەو کەسانەش زۆرن کە لە بێئاگاییدا بوون و بەڵام دواتر گەڕانەوەی خۆیان ڕاگەیاند دوای لەدەست دانی کەسێکی نزیك، یا دوورکەوتنەوەی خۆشەویستێك، یاخود دوای نەخۆشیەك کە پزیشکان لێی بێ هیوا بوون.

{وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٥﴾ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾}البقرة.

واتە: بە دڵنیایی تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس کە دوژمن زاڵ بکەین بەسەرتانداو ترسی دوژمنتان هەبێ وە بە برسێتی و نەبوونی، وە بە کەمی لە ماڵ و سەروەت و سامان و نەفس و بەرووبووم، بەڵام مژدە بدە بەو کەسانەی کە لە کاتی ئەو بەڵاو موسیبەتانە ئارامگرن. ئەو کەسانەی کە تووشی بەڵاو موسیبەتێك دەبن دەڵێن: ئێمە هەر موڵکی خوای گەورەین وە هەمووشمان بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێینەوە . هەر کەسێك بڵێ: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) سەبرو ئارام بگرێ ئەوانە سەڵاواتی خوای گەورەیان لەسەرە، واتا: خوای گەورە لێیان خۆش دەبێ وە مەدحیان دەکات لەلای فریشتەکان وە

## نامەی خوشکێک کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!

خوای گەورە ڕەحمیان پێ دەکات وە ئەوانە خوای گەورە هیدایەتیان دەدات.

تاقیکردنەوە خوشکی بەڕێزم چەکێکی دووسەرە.

چونکە ئەگەر ئارامبگری ئەوا پاداشتێکی وا موژدەبێ بۆت کە خەڵکی بەهەشت ئاواتی بۆ دەخوازن.

بە پێچەوانەشەوە... ئەگەر ئارامنەگریت ئەوە لەوانەیە بگەیت بە ئاستی ناڕازی بوون بە قەدەری خودا و تووشبوون بە نا ئومێدی لە ڕەحمەتی خودا، کە خوداش لەسەر زمانی ئیبراهیم فەرمویەتی: {وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ} الحجر: ٥٦.

واتا: ئیبراهیمیش - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: کێ هەیە بێ ئومێد بێ لە ڕەحمەتی خوای گەورە مەگەر کەسانێکی گومڕا، من بێ ئومێد نیم و بە دووری نازانم کە لەم تەمەنەدا منالّم ببێ؛ چونکە دەزانم تواناو ڕەحمەتی خوای گەورە چەند فراوانە.

وە لەسەر زمانی یەعقوبیشت دەڵێ: {إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّـهِإِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ } يوسف: ٨٧.

واتا: بە دڵنیایی هیچ کەسێك بێئومێد نابێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە تەنها کەسانێکی کافر و بێباوەڕ نەبێت.

## نامەی خوشکێک کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!

**خوشکی ئازیزم** بەردەوام سوپاسی خودا بکە هەرچەندیش ناخۆشی و نائومێدی بچێژی؛ چونکە نە گەیشتووی بە حاڵی ئەو بێباوەڕانەی کە نائومێد ببون لە دوارِۆژ و بەهەشت، خوداش فەرمووی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّـهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا مِنَ الْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ الْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَابِ الْقُبُورِ} الممتحنة: ١٣.

واتا: ئەی باوەڕداران ئێوە خۆشەویستی و پشتیوانی و سەرخستنتان بۆ کەسانێك دەرمەبڕن کە خوای گەورە غەزەبی لێ گرتوون کە بەتایبەتی جوولەکەن، وە بە گشتیش هەموو کافرانن، ئەمانە بێ ئومێدبوونە لە پاداشتی ڕۆژی قیامەت لەبەر

ئەوەی باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە نییە، چۆن کافران بێ ئومێد بوونە لە مردووەکانیان کە دەڵێن: زیندووبوونەوە نییە و مردووەکانمان زیندو نابێتەوە، یان ناگەڕێنەوە بۆ ناومان، یاخود چۆن کافر کاتێك کە خۆی مرد و سزای بینی ئەو کاتە تەواو بێ ئومێد دەبێ لە گەڕانەوە بۆ دونیا و تەوبە کردن نییە، واتا: ئەوانە بەو شێوازە بێ ئومێدن، واللہ أعلم.

ئەو بێباوەڕە چەند بەستەزمانە کە دوای مردنی بە چاوی سەر دوارِۆژ دەبینێت، بەڵام ئیتر کاتی تەواو بوە و هەلی بەدەستهێنانی ڕەحمەتی خودای نەماوە، ئەو خودایەی کە جگە لە شیرك و هاوبەشی

دانان بۆی لەهەموو گوناهێکی تر خۆشدەبێ هەڵبەت بۆ هەرکەسێك کە ویستی لەسەربێ.

جا تۆ ئەی خوشکی بەڕێزم موسڵمانیت و ژیانێکی نەمر چاوەڕوانتە لە ڕۆژی دوایی، بەمەرجی ئارامگرتن.

{وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلاَةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرّاً وَعَلاَنِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَـئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ ﴿٢٢﴾ جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ ۖ وَالْمَلاَئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾} بەڵام ئەو پاداشتە بۆ کێ {سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ} الرعد: ٢٤.

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

واتا: ئەو کەسانەی لە پێناو ڕوی پیرۆزو ڕەزامەندی خوای گەورەدا ئارامیان گرتووە لەسەر گوێڕایەڵی و بەردەوام بوونە لەسەری، وە لەسەر تاوان و سەرپێچی و ئەنجامیان نەداوە و خۆیان پاراستووە، وە لەسەر بەڵاو موسیبەتە بە ئێش و ئازارەکان و ناشوکریان نەکردووە و سوپاسگوزار بوونە، وە ئەوانەی کە نوێژەکانیان کردووە بەو شێوازەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە، وە لەوەی کە پێمان بەخشیوون زەکاتی ماڵەکەیان دەدەن بە نهێنی بۆ ئەوەی نیەتیان پارێزراو بێت، وە هەندێك جاریش بە ئاشکرا بۆ ئەوەی خەڵکی چاویان لێ بکات، وە نەفەقەی خێزان و منداڵەکانیان دەدەن و

یارمەتی فەقیرو هەژاران دەدەن، وە بە چاکە وەڵامی خراپە دەدەنەوە و تۆڵە بۆ نەفسی خۆیان ناستێنن، ئەمانە لەسەر زەویدا دەبنە جێنشین، وە سەرەنجامی قیامەت و بەهەشتیشیان بۆ هەیە. کە بەهەشتێکە شوێنی مانەوەی هەمیشەییە و دەچنە ناویەوە، وە دایك و باوك و خێزان و منداڵ و نەوەکانیان ئەوەی کە چاك بێت هەر هەموویان خوای گەورە لەگەڵیاندا کۆیان دەکاتەوە لە بەهەشتدا و ئەوەشی پلەی نزمە بەرزی دەکاتەوە بۆ لای پلە بەرزەکان، وە فریشتەکانیش لە هەموو دەرگاکانی بەهەشتەوە دێنە ژوورەوە بۆ لایان و پێیان دەڵێن: سەلامتان لێ بێت وە ئێوە لەمەودوا پارێزراو دەبن لە ئازار و سزا بەهۆی

ئارام گرتنتان لەسەر تەقوای خوای گەورە لە دونیا، کە ئەمە باشترین سەرەنجام و شوێنی مانەوەیە کە ئێوە تیایدا دەمێننەوە.

**خوشکی بڕوادارم**، دونیا شوێنی تاقیکردنەوەیە، ئارامگرتنیشت کلیلی سەرکەوتن و چونە بەهەشتە بۆت.

ڕاکردنیشت لەم تاقیکردنەوە بە خۆکوشتن، وەك کشانەوەیە لە تاقیکردنەوەکە، هەر کەسێکیش لە تاقیکردنەوەیەك بکشێتەوە ئەوا وەك ئەوە وایە کە لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچوبێت و سەرکەوتوو نەبوبێتت.

وە ئەبو هوڕەیرە - ڕەزای خوا لێبێت - لە پێغەمبەرەوە - صلى الله عليه وسلم- دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَن خنَق نفسَه في الدُّنيا فقتَلها خنَق نفسَه في النَّارِ، ومَن طعَن نفسَه طعَنها في النَّارِ ومَن اقتحَم فقتَل نفسَه اقتحَم في النَّارِ)) رواه ابن حبان.

واتا: هەرکەسێك خۆی لە دونیا بخنکێنێت و خۆی بکوژێ، ئەوا ڕۆژی دوایی لە ناو ئاگر خۆی دەخنکێنێتەوە، هەرکەسێکیش بە چەقۆ خۆی بکوژێ ئەوا لەناو ئاگریش لە ڕۆژی دوایی بە چەقۆ خۆی دەکوژێتەوە، وە هەرکەسێکیش بە خێرایی خۆی بکێشێت بەشتێکدا و خۆی بکوژێ ئەوا ئاوا فرێدەدرێتە ناو ئاگر.

**کەواتە خوشکی بەڕێزم**، ئەوەی خۆ کوشتنی حەرامکردوە مەلا و زاناکان نین، بەڵکو خودای بەرز و پێغەمبەرەکەی حەڕامیان کردوە، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئاین و کتێبە ئاسمانیەکانی تر هەروەها یاسا دانراوەکانیش کۆکن لەسەر حەرامکردن و هەژمارکردنی بە تاوانێکی گەورە؛ چونکە بڕوایان وایە کە ئەو جەستەیەت موڵکی خۆت نیە.

جابری کوڕی سەمورە دەگێڕێتەوە: (أن رجلا من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم أصابته جِراح فآلمت به فدب إَلى قرنٍ له في سيفه فأخذ مِشْقَصاً فقتل نفسهَ فلم يصلِّ عليه النبي صلى الله عليه وسلم) رواه الطبراني في الكبير.

## نامەی خوشكێك كە بیر لە خۆكوشتن دەكاتەوە!

پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم- برینێكی زۆری توش بوو وە ئازارێكی زۆری هەبوو تا وای لێهات خۆی كوشت، جا كە پێغەمبەریش زانی - صلی الله علیه وسلم- نوێژی مردووی لەسەر نەكرد.

بڕوانە خودا بتپارێزێ، پیاوێكی موسڵمان و هاوەڵی پێغەمبەرە و جیهاد و تێكۆشانی كردوە لە پێناو خودا، بەڵام ئەمانە هیچیا نەبوون بە تكاكار بۆی، تەنیا لەبەر ئەوەی ئارامی نەگرت، ئارامی نەگرت لەسەر چەند چركەیەك كە لەوانەبوو زۆر كەمیش با، بەمەش خۆی بێ بەش كرد لە پاداشتێكی زۆر و لەمردن بە شەهیدی و لە پێناو خودا.

ببورە خوشکی بەڕێزم لەوانەیە تۆزەك دڵ ڕەق دەربکەوم کاتێك پێت دەڵێم: کە تۆ تاکەکەس نیت لەم دونیایە کە خاوەنی چیرۆکێکی ناخۆش بیت، دڵنیاشم کە چیرۆکەکەت ناخۆشە، بەڵام تاکە چیرۆکیش نیە لەم ڕۆژگارەدا.

هەندێك لە ڕووبەرە تەسکەکەی خۆت وەرە دەرەوە، سەیرکە ملیۆنەها کەسی بریندار و دەردەدار هەن لەم دونیایەدا، سەیرکە ئەو کەسانەی کە بە هۆی بومەلەرزە و گڕکان و لافاوەکان ئازاریان پێگەیشتووە چەند زۆرن، سەیری خوشك و برا بریندارەکانی لیبیا و ئەفغانستان و فەڵەستین و سوریا و عیراق بکە، بەڵای زۆر و شەڕ کە ملیۆنەها

کارەساتی دڵتەزێنیان لە دوای خۆیان جێهێشتوە، چەندین دایکی جەرگ سوتاو و خێزانی غەمبار و منداڵی هەتیوی چاو بە فرمێسك، کەچی ئەوان هەر خۆڕاگر و ئارامگر وەستاون.

ئایە خۆت خستۆتە شوێن ئەو ئافرەتەی کە پێ لەشەرەفی دەندرێ و منداڵەکەی لە باوەشی دەکوژن و مێردەکەی لەناو دەبن، ئایە چت دەکرد ئەگەر تۆ لە شوینی ئەو بایت؟

ئایە گوێبیستی چیرۆکی ئەو ئافرەتە نەبویت کە چەندان ساڵ لە بەندینخانەی یەهودییەکان ماوەتەوە دواتریش بەسەربەرزی و شانازیەوە هاتە دەرەوە بە سوپاس و ستایشەوە بۆ خودا؟

دەتوانی بڕۆیت و سەردانی بنکەکانی چارەسەرکرنی ئاڵودەبوون بکەیت لە وڵاتەکەت، هەروەها سەردانی خانووی بە ساڵاچوان و پەککەوتان و بێ سەرپەرشتان بکەیت، بە دڵنیاییەوە کەسانێکی وا دەبینیت کە زۆر لە تۆ زیاتر ئازاریان چەشتووە، بەشکو لەوانەوە چەند وانەیەکی ئارامگرتن و خۆڕاگری و ڕازیبوون باوەڕداری وەربگریت..

قورئان بخوێنەوە بە قوڵی و بیرکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانە، تەنیا بە نیەتی شیفا و ڕوقیە مەیخوێنەوە، ئەمجارەیان بە تێڕامان و تێگەیشتن بیخوێنەوە، لە وتەکانی خودادا مەلە بکە وەك ئەوەی

کە بەڕاستەوخۆ خودا تۆ بدوێنێ، لە ساتی هاتنە خوارەوەی خودا بۆ ئاسمانی دونیا بیخوێنەوە، دڵنیابە کە دەبێتە هۆی شوشتنەوەی خەمی دڵت، و دەبێتە مایەی سینگ فراوانیت و هەموو ناخۆشی و خەفەتێکت دەڕەوێنێتەوە، بێگومانیش بە لەوەی کە هەناسە قوڵەکانت و ئازارەکانت یەك بەدوای یەك دەردەچن لە گەڵ هەر پیتێك کە دەیڵێی، لە جێگەشیان ئارامی و هێمنی و ئاسایش لە سینگتدا جێی خۆیان دەکەنەوە.

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

ئەگەر هاتوو ئەی خوشکی پایەبەرز تۆ ڕاستگۆ بویت لەگەڵ خۆت و لەگەڵ خواکەت، من سوێندت بۆ دەخۆم کە غەمباریەکەت دەگۆڕێ بۆ خۆشی، واش هەستدەکەی وەك ئەوەی ئەو قورئانە بە تایبەت بۆ تۆ دابەزیبێت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆ هاتبێت، هەرواش وەڵامی پرسیارەکانت بداتەوە. دەتۆش بیخوێنەوە و گەریش دەتوانی هەر لەناو سینگت بیپارێزەو لەبەری بکە، بۆ ئەوەی ببێتە دڵخۆشکەرت و هاوڕێی ژیانت.

بشزانە: إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا} الإسراء: ٩.

واتا: بەدڵنیایی ئەم قورئانە پیرۆزە هیدایەتی خەڵکی دەدات بۆ دامەزراوترین بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار، وە موژدە دەدات بەو باوەڕدارانەی کە کردەوەی چاکیان کردووە کە ئەجرو پاداشتێکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

ئەوەشت لەبیر بێ: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾الإسراء: ٨٢.

واتا: وە ئێمە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دادەبەزێنین کە شیفاو ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران شیفای دەروونی و جەستەیی، وە شیفای دڵە لە گومان و نیفاق و شیرك

هەرواش چیرۆکی کەسانی ئارامگر بخوێنەوە و لەو ئایەتانەش تێڕامان بکە کە باس لە خۆڕاگرو ئارامگران دەکات و باس لە پاداشتیان دەکات؛ چونکە دەبێتە مایەی دڵنەوایی و خۆشی بۆت...

ئەی خودا نافەرموێ {وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ} هود: ١٢٠؟

واتا: لە هەموو هەواڵی پێغەمبەرانت بۆ دەگێڕینەوە کە خوای گەورە چۆن سەریخستوون و کافرانی لەناوبردووە کە بەهۆیەوە دڵت پێی جێگیرو دامەزراو و پڕ لە دڵنیایی بێت.

لەگەڵ قورئان بژی، وە لەگەڵ پێغەمبەران و پیاو چاکان بژی بە دڵ و ڕۆح و بیرت، دڵنیابە چەندان وێنەی سەرسوڕهێنەر دەبینی لە وێنەکانی ئارامگرتن و خۆڕاگری کە بەربومەکەیان لە دونیا و دوارۆژ دەستکەوتەوە.

بڕوانە لە چیرۆکی دایکی موسای ئازا، ژیاننامەی مەریەمی ئارامگر بخوێنەوە، لەگەڵ ژیاننامەی ئەیوب کاتێك نەخۆشی پەکی خست، یونسیش کاتێك لەناو سکی نەهەنگ هاواری کردە خوا، یوسفیش کە ژیانی لە نێوان جۆرەها زوڵم و ستەم بردەسەر، سەرەتا زوڵمی براکانی، پاشان زوڵمی تاریکایی نێو بیرەکە و ئینجا ستەمی ئافرەتەکان و

پاشانیش ناخۆشی زیندان، وە یەعقوب کاتێك هەردوو چاوی سپی بوو لە تاو خەم و ئازارەکانی، بوەستە و تێڕامان بکە کاتێك خودا دەفەرموێ: **إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ }** یوسف: ٨٦.

واتا: لە ئەوپەڕی غەم و خەفەت و سەختترینی، یەعقوب - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: شەکوا و گلەیی و ئەوپەڕی غەم و خەفەتی خۆم بۆ لای خوای گەورە دەردەبڕم، وە ئەوەی کە لەلایەن خوای گەورەوە من دەیزانم ئێوە نایزانن.

ئەم وتە زۆر دووبارە بکەوە، بە دڵێکی پاك و ڕاستگۆ لەگەڵ خودا، بەشکو خودا خەمەکانت بڕەوێنتەوە و دووبارە هیوات بۆ بگەڕێنتەوە، هەر وەکو چۆن ڕووناکی بۆ چاوەکانی یەعقوب گەڕاندەوە، وە هەروەك چۆن پاداشتی یوسفی داوە بە موڵك و دەسەڵات و موساشی گەڕاندەوە بۆ دایکی و پاکی مەریەمیشی دەرخست و شیفای بۆ ئەیوبیش نارد، وە یونسیشی لە سکی نەهەنگ دەرهێنا.

دووبارەش بەبیرت دەهێنمە خودا بەرەکەت دارت بکات، گەر خودا تەمەنمان بدات ڕۆژێك دیت و دەیبینیت کە چۆن لە نێوان خۆشیەکان ڕۆژت بەرێ دەکەیت و ئەو کاتە سوپاسی خودا دەکەیت؛

چونکە هێشتا زیندووی و کۆتاییت نەهێنا بە ژیانی خۆت، ئیبنو تەیمییە دەڵێ: ( إن في الدنيا لَجَنة من لم يدخلها لن يدخل جنة الآخرة).

واتا: بەڕاستی لە دونیادا بە هەشتێك هەیە هەرکەسێك نەچێتە نێو ئەو بەهەشتە ناچێتە بەهەشتی دوارۆژیش.

ئایە دەزانی ئەمە باس لەکام بەهەشت دەکات؟

مەبەستی بەهەشتی خوا پەرستی و بڕوا و گوێڕایەڵیە.

ئەبو سولەیمانی دارانی دەڵێ: (والله لولا قيام الليل ما أحببت الدنيا، ووالله إن أهل الليل في ليلهم ألذ من أهل النهار في لهوهم، وإنه لتمر بالقلب ساعات يرقص فيها طربا بذكر الله فأقول : إن كان أهل الجنة في مثل ما أنا فيه من النعيم إنهم لفي نعيم عظيم).

واتا: سوێند بە خوا ئەگەر شەونوێژ نەبوبا ئێمە دونیامان نەدەویست، وە سوێند بە خوا ئەو کەسانەی بەشەو هەڵدەستنەوە زۆر دڵخۆشترن لەو کەسانەی کە بە ڕۆژ خەریکی گاڵتە و گەپن، هەندێك ساتیش بەسەرمدا تێدەپەڕێ کە دڵ تێیدا لە خۆشی زیکری خوا خەریکە باڵدەگرێ، منیش لە دڵی خۆمدا دەڵێم: ئەگەر بێتو خەڵکی بە هەشت لە خۆشیەکی

هاوشێوەی ئەو خۆشیەی من بن، ئەوا بەڕاستی لە ناز و نیعمەتێکی زۆردان.

بەڕاستی تۆ بێ ئامانج نە خوڵقاوی، هەرواش بۆ یاری و گاڵتە دروست نەکراوی، تۆ درووستکراوی بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە پەرستنی خودا و بڵاوکردنەوەی ڕەحمەت، لەبەرئەمە تۆ زۆر بە نرخ و قەدری لای خودا، لەم حەدیسەشدا هاتوە: (لهدم الكعبة حجراً حجراً أهون على الله من قتل المسلم)

واتا: بەڕاستی ڕووخاندنی بەردەکانی کەعبە یەك لە دوای یەك زۆر سوکترە لای خودا لە کوشتنی نەفسێکی موسڵمان.

ئای چەند خودایەکی گەورەیە، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستی بە بە بەندەکانی نیە بەڵام هە ر خۆشی دەوێن...

خۆشەویستی بەندەش بۆ خودای خۆی شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە، بەڵکو سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە خودا بەندەی خۆش بوێت...

ئایە ئێستا قەدری خۆت زانی لای خواکەت؟

دە ئەگەر بە دوای دڵخۆشیدا دەگەڕێی، ئەوا لە ڕازی بوونی خودا بەدوایدا بگیڕێ، لە ڕازی بوونی دایك و باوکت بە دوایدا بگەرێ.

## پێش ئەوەی خۆت بکوژی

تاقیکەوە کە هەژارێك نان بدەیت، وە فرمێسکی منداڵێکی هەتیو بسڕی، وە کەسێکی نەزان فێرکەیت و ڕێ بە کەسێکی کوێر نیشان بدەیت، کە بەمەش لە کۆتاییدا دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە خێراترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە دڵخۆشی و ڕەزامەندی خودا بریتیە لە دڵخۆشکردنی کەسانی لاواز و بێ دەسەڵات.

## نامەی خوشکێک کە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!

**خوشکی بەڕێزم** ئەمە هەندێك ئامۆژگاری گشتیە، ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ئێمە بەبێ دەسەڵاتی بوەستین لە بەرامبەر کێشەکانمان، بەڵکو هەوڵێکی چالاك بدە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانت و داوای یارمەتیش بکە لە هاوڕێی و کەسە نزیکەکانت، بۆ ئەوەی بتوانی کێشەکە چارەسەر بکەیت و یاخود هیچ نەبێت هەندێك ئاسەوارەکەی کەم ببێتەوە لەسەرت.

خودایە هەر خۆت شتە شاراوەو غەیبیەکان دەزانیت و بەتوانای بەسەر دروستکراوەکانتدا...

تا ئەو کاتە بمانژیێنە کە ژیان خێری تێدا بێت بۆمان، و هەرکاتێکیش مردن بۆمان خێرتر بوو بمانمرێنە.

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

نوسینی

أمين بن بخيت الزهراني، مانگی محرم ی ساڵی

١٤٣٣هـ

وەرگێڕانی

أنهار کاوە مصطفی مولود

شەوی هەینی

١٠ـی صفری ١٤٤٣ـی کۆچی

١٧ـی ٩ـی ٢٠٢١ز

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org walamakan.com